



# ماکیاڤلی و کیسنجەر و بیری ڕیالیستی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی سەدەی بیست و یەکدا

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ٢٧٥

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Political Studies

# ماکیاڤلی و کیسنجەر و بیری ڕیالیستی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی سەدەی بیست و یەکدا

د. دنیسساموت

و: بەختیار ئەحمەد ساڵح

٢٧٥ زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

٢٠٢١

# ماکیاڤلی و کیسنجەر و بیری ڕیالیستی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی سەدەی بیست و یەکدا

**د. دنیس ساموت**

لە دیبلۆماسییەتدا وتەیەکی بەناوبانگ هەیە کە دەڵێت، وڵاتان دۆستیان نییە، بەڵکو تەنها بەرژەوەندیان هەیە. لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەست بەبوونی بێسەرەوبەرەییەک دەکرێت، بە تایبەت کاتێک کە وڵاتەکان زۆر بە ئاسانی تەنها لەهەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیانن، لە ژینگەیەکی لەم چەشنە پڕ مەترسییەدا زۆرجار بە شێوەی هەڕەمەکیانەش، هێزی گەورە بچوک دەخوات، پێویستیشە وڵاتەکان بتوانن هاوسەنگی ڕابگرن لە نێوان هێزە ڕکابەرە نموونەییەکان و ڕیالیستییەکاندا. لە کاتێکدا کە هەندێک کات بۆچون وابوو بیری ڕیالیستی ناگونجێت لەگەڵ سەردەمەکەدا، بەڵام لە ئێستادا و بەهۆی ئەو گۆڕانە ڕوو لە هەڵکشانەی لە سیستمی نێودەوڵەتیدا هاتووەتە ئاراوە، دووبارە ئەم بیرە هاتووەتەوە بەر باس و خواس، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بتوانرێت پارێزگاری لە هەلومەرجی نمونەیی و بیری ڕیالیستی بکرێت لە سنوری خۆیدا، کاتێکیش کە مشتومڕ لەسەر بیری ڕیالیستی دەکرێت لە دیبلۆماسییەتدا، ناوی دوو کەس لە زەیندا زیندوو دەبێتەوە، کە چەندەیەک مەودا کەوتووەتە نێوانیانەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش بیرۆکەکانیان بەگشتی گرێدراوی یەکدین.

ئەو دوو کەسەش بریتین لە هەریەک لە نیکۆلۆ ماکیاڤلی، ڕاوێژکاری سەرکردەکانی فلۆرانسا لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزەهەم و هێنری کیسنجەر ئەکادیمی و دیبلۆماتکاری ئەمەریکییە کە لەسەردەمی سەرۆک ڕیچارد نیکسۆن وەزیری دەرەوە بووە و تا کۆتاییەکانی سەدەی بیست و یەکیش ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا بووە. لە کاتێکدا کە ئەم دوو بیرمەندە جێگەی متمانەی هەندێکن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە پاساویان هێناوەتەوە بۆ پێشێلکارییەکانی سەرکردەکانیان و بانگەشەیان بۆ سیاسەتێکی ڕیالیستی کردووە و خستویانەتە پێش ئاکاری سیاسییەوە. چ لەگەڵ ئەم بۆچوونە بیت، یا نا، ماکیاڤلی بیرمەندێکی مەزنە، ئەگەر چی ناکرێت کیسنجەریش بەو چاوە سەیر بکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کەسێک بووە کە توانیویەتی سیاسەتی وڵاتەکەی لە سەردەمێکی زۆر پڕ ئاشوبدا بەڕێوەبەرێت، ئەمەش بیری ئەم کەسە گرێ دەداتەوە بەم دۆخەی لە ئێستادا هاتووەتە ئاراوە.

بۆ زۆرێک لەو کەسانەی کە پێیان وایە ئاکار پێویستە پێشەنگی ڕێنوێنی سیاسەت و سەرکردایەتی دیبلۆماسی بکات، ماکیاڤلی و کیسنجەر لەو پیاو خراپانەن کە ئازاری زۆریان بەدانیشتوانی ئەم جیهانە چێشتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بۆچوونە ڕەنگە زۆر سادەکردنەوەیەکی زۆری پێوە دیار بێت لەبەر ئەوەی گەر بە وردی چاوێک بەکتێبەکانیاندا بخشێنینەوە، دەردەکەوێت کە ئەم دوو کەسە زۆر ورد بوون لە بیرکردنەوەیاندا.

## ماکیاڤلی و ئەمیر

نیکۆلۆ ماکیاڤلی لە ئەوروپا لەسەردەمی ڕێنیسانس ژیاوە، ئەو کاتەی کە ئەم کیشوەرە هەنگاوی دەنا بەرەو دەرچوون لە سەدە تاریکەکان، ئامانجیش لە نووسینی کتێبە بەناوبانگەکەی (میر) ئەوەبوو کە ئەم نوسراوە ببێتە دیاردەسنێک بۆ ئەمیری فلۆرانسا

بۆ بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتەکەی، بەو پێیەی تا ئاستێک ئەو دەوڵەتە لەو کاتەدا ناسەقامگیر بوو.
لەو کتێبەدا وادێتە پێش چاو کە ماکیاڤیلی بیەوێت پاساو بۆ تەواوی پێشێلکارییەکانی میر بهێنێتەوە لە بەکارهێنانی توندوتیژییەوە تا دەگاتە بە هەڵخەڵەتاندن و بەرتیلدان (ئامانج پاساوە بۆ ئەو ڕێگەیەی بۆی بەکاردێت). بەڵام هەندێک کەس بۆچوونێکی تریان هەیە و دەڵێن ئەو وتەیە

**لە دیبلۆماسییەتدا وتەیەکی بەناوبانگ هەیە کە دەڵێت، وڵاتان دۆستیان نییە، بەڵکو تەنها بەرژەوەندیان هەیە**

خراپ وەرگێڕانی بۆ کراوە و لە ڕاستیدا ماکیاڤیلی کەسێک بوو نەنها دژی ئاکاری ساختە بووە و پێی وابووە کە لە بری ئەوەی بەکاربێت بۆ پێشکەوتن و هاوئاهەنگی، ئاکار بەکارهاتووە وەک پاساوێک بۆ مانەوە بە هەژاری و دواکەوتویی.
ڕەنگە ئەوەی زۆر پەیوەندی هەبێت بە بابەتەکەوە ڕاستییەک بێت کە هەندێک جار پشتگوێ دەخرێت لە لێکۆڵینەوە کردن لەسەر ماکیاڤیلی، ئەو ڕاستییەش ئەوەیە کە ئەو سیستمێکی بەلاوە گرنگ بوو کە لەسەر بنەما بەڕێوەببرێت، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە سیستمی دەرەبەگایەتی دەرفەتی ڕەخساند بۆ دروستبوونی دەوڵەت.
ئەو کاتە فلۆرانسا و چەند شارێکی تری هاوشێوەی، لە قۆناغی دەرەبەگایەتییەوە دەگوازرایەوە بۆ دەوڵەتی میری نوێ، ئەم پرۆسەیەش ئاسان و سادە نەبوو، نە لە سەر ئاستی ناوخۆ و نە لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەکی، لەم چوارچێوەیەدا ماکیاڤیلی پاساوی بۆ ڕەفتارە ناپەسەندەکانی میرەکەی دەهێنایەوە.
سەبارەت بە ماکیاڤیلیش، فیلیپ بووبیت ماموستای زانکۆی کۆڵۆمبیا دەڵێت «ئیستاشی لەگەڵ بێت، پرسیاری زۆر هەن گەر بکرێن لەسەر سادەترین تێڕوانینەکانی ماکیاڤیلی، نمونەی ئەوەی کە ئایا سەرتاپاگیرێکی ڕاشکاو بوو، یاخود کۆمارییەک کە ڕێزی لە مافەکانی مرۆڤ دەگرت؟ ئایا یەکێک بوو لە بانگەشەکارانی مرۆڤایەتی لە سەردەمی ڕێنیسانس، یاخود ڕیالیستێکی کلاسیکی نوێ بوو؟».
دواجار بووبیت گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە ماکیاڤیلی لە بنەمادا کەسێکی دەستووری بوو، ئەو داوای ئەوەی نەکردووە کە میر دەسەڵاتێکی بێسنووری هەبێت، بەڵکو ئامۆژگاری میر دەکات لە چوارچێوەی سیستمێکدا کار بکات لەسەر بنەمای یاساکان، لە سەر بنەمای سیستمێک لە پێوەر و هاوسەنگییەکان.
بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە ماکیاڤیلی کەسێکی داکۆکیکار نەبووە لە دەسەڵات، بەڵکو هەڕەشە بووە بۆ سەر بیری چەق بەستووی ئەو سەردەمە. هیچ سەیریش نییە کە بۆچی کڵێسا - هێزی ڕەهای ئەو سەردەمە لە ئەورووپا - کتێبی میری خستووەتە ناو لیستی کتێبە قەدەغەکانەوە، ئەو لیستە بەدناوەی کە ناوی لێنرابوو (لیبرورم بروهیبیتیروم).

### هێنری کیسنجەر .. لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە

بە هەمان شێوە، مێژوونووسی هاوچەرخ نیال فیرگسن لە وتارێکیدا لە «فۆرن پۆلسی» لە ساڵی ٢٠١٥دا دەنوسێت کە پێویستە چاوێکی دیکە بەهێنری کیسنجەردا بخشێنرێنەوە، ئەو ماموستای زانکۆیەی

کە وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و وەزیری دەرەوە نیشانەیەکی دیاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا بەجێهێشتووە، بەشێوەیەکی گشتیش، لەبەر ئەوەی باس لە نووسینەکانی بکرێت لەو ماوەیەدا، ڕەخنەگرەکانی زیاتر فۆکس دەخەنە سەر ڕەفتارەکانی ئەو کاتەی کە لە پۆستدا بووە، ئەم جۆرە تێڕوانینەش ناکۆکی بیروڕای جیاوازی زۆری دروستکردووە بەرامبەری، کە تا ئەمڕۆکە بەردەوامی هەیە.

مێژوونووس ئەلیستەر هۆرن لە کتێبەکەی «١٩٧٣» کە بەیەکێک لەبیرنەکراوترین ساڵەکانی تەمەنی کیسنجەر ئەژمار دەکرێت دەڵێت «بەراورد بە تەواوی کارمەندەکانی دیکەی خزمەتگوزاری گشتی لە واشنتۆن، کەسێکی جێگای مشتومڕە». یەکێک لەو شتانەش کە تاوەکو ئێستا بەدوای کیسنجەرەوەیە، کودەتاکەی ساڵی ١٩٧٣یە لە چیلی، ئەو کودەتایەی کە بەڕابەرایەتی ئەو ئەنجامدراو و تیایدا سلڤادۆر ئالندەی سەرۆک کە بە شێوەی دیموکراسی هەڵبژێردرابوو، لە کودەتایەکی خوێناویدا لەسەر کار لابراو و دواتر لە ئەیلولی ١٩٧٣ و لەکاتی پارێزگاری کردن لە خۆی لە کۆشکی لامۆنیدا لە سانتیاگۆ دەکوژرێت.

ئەم ڕووداوە کاریگەری زۆری دروستکرد لەسەر نەوەیەک لەو گەنجە لیبڕاڵ و چەپ و خوێندکارانەی کە پێیان وابوو کیسنجەر هێمای تەواوی شتە ناشرین و خراپەکانە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا. تا ئەمڕۆکەش ئەو ساتانەی کە لە لامۆنیدا گوزەران دەتوانن ئەو نەوەیە بوروژێننەوە، ئەو نەوەیەی کە ئێستا تەمەنیان لە پەنجاکاندایە و بە گشتی لە چینی مامناوەندن. هەروەها ئەمە لانی کەم ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بۆچی کیسنجەر وەک کەسایەتییەکی سیاسی جێمشتومڕ ماوەتەوە سەرباری ئەوەی کە تەمەنی لە ئێستادا لە نەوەدەکاندایە.

کیسنجەریش بەنۆبەی خۆی توێژە سیاسییەکەی تری پێ باش نییە، ئەو باوەڕەش کە هەیبوو بەسیاسەتی ڕیالیستی و بە پلەی یەکەم هێشتنەوەی دووژمنەکان بە دابەشبوویی، وایکرد کە دەرویەک بدۆزێتەوە لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت سەرباری ناڕەزایەتی ئەو تونڕەوانەی کە دژ بە بیری کۆمۆنیزم بوون. هەروەها ئەو پلانەی کە داینا بۆ نیکۆسن بۆ کرانەوە بە ڕووی چیندا، ئێستاشی لەگەڵدا بێت زۆر بووە جێگەی باسوخواس، ئەم پرسەی دواییش لە ئێستادا دووبارە سەری هەڵداوەتەوە.

بەڵام تا چ ئاستێک بیری ڕیالیستی پاڵنەری کیسنجەر بووە؟ فیرگسۆن دەڵێت «کیسنجەر جگە لەوەی کەسێکی ماکیاڤیلی بوو، هەر لە سەرەتای کاری

”

**کیسنجەر وەك کەسایەتییەکی سیاسی جێمشتومڕ ماوەتەوە سەرباری ئەوەی کە تەمەنی لە ئێستادا لە نەوەدەکاندایە**

“

سیاسییەوە کەسێکی ئایدیالیستیش بووە«، هەروەها دەڵێت باشترین ڕێگە بۆ تێگەیشتن لە شێوازی بیرکردنەوەی کیسنجەر ئەوەیە کە «بە شێوازێکی داهێنەرانە ڕەخنەی سیاسەتی ڕیالیستی بکرێت». بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بۆچوونەکەشی، ڕۆشنایی دەخاتە سەر چوار ڕەگەزی سەرەکی کە بریتین لە : مێژوو کلیلی تێگەیشتنە لە دوژمن و هاوپەیمانەکان، پێویستە لەسەر مرۆڤ، پێویستە مرۆڤ ڕووبەڕووی گرفتی مەزەندە کردن لێکەوتەکانی ببێتەوە لەبەر ئەوەی زۆرێک لە بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەکی،

بژاردەیە لە نێوان دوو خراپدا و دواجار دەبێت سەرکردەکان بەئاگابن لە مەترسییەکانی بیری ریالیستی بەتاڵ لە ڕووی ئاکارەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێی تەواوی بەڵگەکان ئەو کاتەی کیسنجەر لە پۆستەکەیدا بوو بە شێوەی بنەڕەتی پیادەی تیۆرەی (ئامانج پاساوە بۆ ئەو ڕێگەیەی بۆی بەکاردێت)ی کردووە، ئەوەی جێگەی سەرنجیشە ئەوەیە کە ئەو بەشێوەیەک ئەو کارەی کردووە کە خودی ماکیاڤیلیش ئەو کارەی نەکردووە، لەبەر ئەوەی کاتێک کە ماکیاڤیلی کتێبی میری نووسی، لە پۆستەکەیدا نەمابوو، هەروەها کیسنجەر زۆر باوەڕی بە «سیستمی نێودەوڵەتی ڕەوا» هەبوو، خودی هۆڕنیش پێی وابوو کە ئەو سیستمە پێویستە بۆ سەقامگیری و تەنانەت بۆ خودی کاری دیبلۆماسیش.

## بایەخی مێژوو

هەریەک لە میکیاڤیلی و کیسنجەر باوەڕیان بەبایەخی مێژوو هەبوو لە دارشتنەوەی سیاسەتی دەوڵەتدا. میکیاڤیلی زۆر بەگرنگییەوە باسی لە لێکۆڵینەوە لە ڕابوردوو دەکرد، بە تایبەت لەوەی کە پەیوەندی هەبوو بە دامەزراندنی شار (دەوڵەت)ەوە، ئەو پێی وابوو کە ئەو کارە پێویستە تا دواتر لە گەشەکردنەکەی تێبگەین. فیرگسۆن باس لە کارنامەی دکتۆراکەی کیسنجەر دەکات کە ساڵی ١٩٥٧ پێشکەشی کرد کە تیایدا دەڵێت «یادەوەری دەوڵەتەکان برینییە لە تاقیکردنەوەی ڕاستی سیاسەتەکانی. تا ئەزموونەکە سەرەتایی تر بێت، کاریگەری لەسەر شیکردنەوەی نەتەوە بۆ ئێستای خۆی لە ژێر ڕۆشنایی ڕ ابردوودا، قووڵتر دەبێت»، دواتر دەڵێت «زۆرجار ئەوەی کە ڕوودەدات، کەم بایەختره لەو بۆچونەی کەهەیە لە سەری».

لە کاتێکدا هەندێک کەس پێیان وایە کە مێژوو گرنگە و ئێمە پێویستمان بەوە هەیە کە وانەی لێوە فێربین، زۆرێک لە سەرکردەی وڵاتان بایەخ بەوە نادەن کە لە مێژووەوە فێر بن، بەڵکو تەنها باوەڕیان بەوە هەیەکە مێژوو بەکاربێنن لە پێناو پاساو هێنانەوە بۆ ئێستاو پێشبینی کردنی داهاتوو. بەدوور لەوەی کە تا چەند ئەو بۆچوونە دروستە، زۆر جار مێژوو دەبێتە ئەو داوەی کە ڕێگری لە کاری نەتەوە دەکات و توانای سەرکردەش دیاریدەکات لەوەی کە بتوانێت سیاسەتی دەرەوە بەڕێوەبەرێت بەشێوەیەک کەهاوشان بێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندی نیشتمانیدا، لە هەمان کاتیشدا نایەتەوە لەگەڵ ئەو گێرانەوە مێژووییەی کە ڕەنگە نەتەوە خۆی بۆ خۆی هەڵکەندبێت، لەو ڕووەشەوە نمونە زۆرە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و قەفقاز و ئەورووپا.

ڕەنگە دووبارە خوێندنەوەی ماکیاڤیلی و کیسنجەر و دووبارە هەڵسەنگاندنەوەیان زۆر لەوە زیاتر بێت کە تەنها مشتومڕێکی ئەکادیمی بێت، لەبەر ئەوەی ئەو بیرۆکە و یادەوەریانەی کە بوون بە بنەمای کتێبەکانیان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە قۆناغی ئێستا لە سیاسەتی جیهانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەت کاتێک کە ڕکابەری نێوان هێزە گەورەکان بۆ جارێکی تر دەگۆڕێت و بەرەو بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ هەنگاو دەنێت.

## سنوورەکانی هێزی نەرم

لە ماوەی چل ساڵی ڕابوردوودا، هێزی نەرم وەک ئامرازێک لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆوە بینیوە، هەروەها گوتراوە کە وڵاتان، یاخود کۆمەڵەی وڵاتان وەک یەکێتی ئەورووپا دەکرێت هێزی خۆی نمایش بکات نەک تەنها لە ڕێگەی ئامرازە سەربازییەکانەوە، بەڵکو لە ڕێگەی ئەو «هێزی نەرم»ەی کە لە ئابووری، کولتوور، زمان، هاوکاری پەرەپێدان و هەناردە کردنی ئەو بەهایانەدا خۆی دەبینێتەوە کە جێگەی مشتومڕن.

ڕۆبن کوک، یەکەمین وەزیری دەرەوەی تۆنی بلێر ڕایگەیاند، کە بەریتانیا «سیاسەتێکی دەرەکی ئاکار»یانە پەیڕەو دەکات. ئەم قسەیەش بۆ وڵاتێک کە زۆر بە باشی چەمکی «دیبلۆماسییەتی بەلەمە جەنگییەکان»ی بەکاردەهێنا، تەنها لە قاڵبی لێدواندا

مایەوە، ئەڵبەتە کوک بەر لە دەستپێکردنی جەنگی کەنداوی دووەم، دەستی لە کار کێشایەوە و دووبارە بیری ڕیالیستی باڵی کێشایەوە، ئەڵبەتە بەدرێژایی مێژووش، یەکێتی ئەوروپا هێمایەک بووە بۆ هێزی نەرم، ڕەنگە بەشێکی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاماوەیەکی زۆر یەکێتی ئەوروپا خاوەن هێزی ڕەق نەبووە، بەڵام داکۆکی کردنی لە بەها مرۆییەکان وەک ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، کردوویەتی بە پێشەنگ لەو ڕووەوە بۆ زۆرێک لە وڵاتان.

بەڵام لە ئێستادا ئەم دۆخە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئەوروپا هێدی هێدی بەرەو گرتنەبەری ڕێگەی ڕیالیستی هەنگاو دەنێت، زۆر کەسیش لەوبارەوە دەڵێن، کە گرتنە بەری سیاسەتی هێزی نەرم لە ڕابوردوودا جۆرێک بووە لە دووڕوویی سیاسیی، بەو پێیەی کە ئەوروپا بەر لەوەی بیر لەوە بکاتەوە ئامۆژگاری ئەوانی دی بکات، بۆخۆی لە ڕابوردوودا بەدەست زۆر کێشەی ناوخۆییەوە ناڵاندویەتی.

لە لایەکی دیکەشەوە، سەرکردە ئەوروپییەکان هەستیان بە نائومێدی کرد لەبەر ئەوەی سەرباری ئەوەی یەکێتی ئەوروپا خاوەن هێزێکی ئابووری مەزن بوو، دەبوایە زۆر هەوڵی بدایە تا گوێی لێ بگیرێت لە زۆر لە پرسە جیهانییەکاندا، تەنانەت لەگەڵ دراوسێ نزیکەکانیدا، یەکێتی ئەوروپا دەستەوەستان بوو لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕکابەرە توندەکانی وەک ڕووسیا و تورکیا، خواستی ئورسولا ڤان دیرلین لەوەی کە کۆمسیۆنەکەی پەیوەندییەکی نزیکی هەبێت لەگەڵ ڕووداوەکان لە ڕووی جوگرافی و ستراتیژەوە، داننانێکی ڕاستەوخۆیە بە سنوورەکانی هێزی نەرم.

## هێزی ڕەق

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هێزی نەرم شکست بهێنێت، هیچ لایەنێک ناتوانێت گەرەنتی ئەوە بدات کە هێزە ڕەق سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت. حەفتاو پێنج ساڵ بەسەر کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەمدا تێپەڕیوە، لەو کاتەوە تەنها بۆ یەکجار ئاشتی بە تەواوەتی باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە، کاتێکیش کە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوبووەوە، ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنتۆنیۆ گۆتیرێس داوای کرد لە سەر ئاستی جیهان ئاگربەست ڕابگەیەنرێت بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکەوە.

ئەو بانگەوازە نەوەک هەر لە سوریا، لیبیا، یەمەن، ناگۆرنۆ کەرەباخ و ناوچەی تر پشتگوێ خرا، بگرە بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایە زنجیرەیەکی نوێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێنایە ئاراوە لە دەریای باشووری چین و هیمالایا و چەند ناوچەیەکی تر و بەو شێوەیە کاری شێتانەی جەنگ بە بێوەستان بەردەوام بوو. لەم ڕووەوە داکۆکیکاران لە بیری ڕیالیستی مشتومڕ دەکەن و دەڵێن ئەمە ئەوە دەردەخات کە پێویستە پەنا ببرێتە بەر بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی لە کاتی پێویستدا بە تایبەت لە کاتی مامەڵە کردن لەگەڵ سیاسەتی دەرەکیدا. بەڵام ئەم پشت بەستنە بە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی بووە هۆی ئەوەی کە جیهان لە ململانێیەکەوە پێ بنێتە ناو ململانێ یەکی دیکە و لە قەیرانێکی مرۆڤایەتییەوە پێ بنێتە ناو قەیرانێکی مرۆڤایەتی دیکە و ئەو ترسە بەردەوامەشی دروستکرد کە لەوانەیە یەکێک لە قەیرانەکان لەدەست دەربچێت و جیهان بگێڕێتەوە بۆ لێواری جەنگێکی دیکەی جیهانی.

## پلورالیزم و سیستمی نێودەوڵەتی

جیهان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پێ دەنێتە ناو قۆناغێکی سەختەوە، بە تایبەت کاتێک کە هەست بە نزیکبوونەوەی جەنگ دەکات لە لایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە. ڕەنگە هەندێک کەس مشتومڕ بکەن و بڵێن کە ئێستا کاتی گونجاو نییە بۆ داکۆکی کردن لە ئاکاری سیاسی، هەندێکی دیکەش دەڵێن هۆکاری سەرەکی تەواوی کێشەکان نەبوونی ئاکاری سیاسییە لە پەیوندییە نێودەوڵەتییەکاندا و ئەم پاساوش ئەمەنەکەی بۆ سەدەیەک دەگەڕێتەوە و تا ئێستا بە شێوەیەکی ڕیشەیی چارەسەر نەکراوە.

هەر لەم سەروبەندەدا دەبێت ئاڵنگارییەکانی ئێستا بەڕێوەببرێت، لەبەر ئەوەی پێویستییەک هەیە بۆ گرتنەبەری ڕێگەیەکی پراکتیکیانە کە لە بەهاکانەوە سەرچاوەی گرتبێت و لەهەمان کاتیشدا دەبێت ئەو ڕێگەیە نزیکبێت لە بیری ڕیالیسنییەوە، لە ئێستادا دەوڵەتەکان پێویستیان بەوە هەیە کە فێربن چۆن دانوستان بکەن، ئەمەش هەمیشە کارێکی ئاسان نەبووە لەبەر ئەوەی بەپێی بۆچوونی کیسنجەر (دانوستان بە مانای قبوڵکردنی دەسەڵاتێکی سنوردار

**هەریەك لە میكیاڤیلی و كیسنجەر باوەڕیان بەبایەخی مێژوو هەبوو لە داڕشتنەوەی سیاسەتی دەوڵەتدا**

دێت)، لە دوای ڕێککەوتنەکانی جەنگی جیهانی دووەمیش، دەرکەوت کە ڕێگەی پلوڕالیزم باشترین بژاردەیە، سەرباری کەم و کوڕییەکەشی وایکرد کە نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانێت پارێزگاری لە جۆرێک لە سیستمی جیهانی بکات، کاتێکیش کە عێراق کوەیتی داگیرکرد و هەڕەشەی سڕینەوەی ئەو وڵاتەی کرد لەسەر نەخشە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هاتە سەر خەت و دەستوەردانی کرد.

بەڵام لە دوای تێپەڕ بوونی بیست و پێنج ساڵ ڕووسیا، ئۆکرانیای لەبەر یەک هەڵوەشاند و بەزۆر دەستیگرت بەسەر نیمچە دوورگەی قرمدا، لە بەرامبەریشدا وەڵامی جیهان زۆر لەوە لاوازتر بوو کە شتێکی لێ چاوەڕوان بکرێت، بەمشێوەیە گرفتەکە دامەزراوەیی و سایسییە بە شێوەیەک کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەدەست قەیرانەوە دەناڵێنن لە بەر چەند هۆکارێک لەوانە، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕەنگدانەوەی هێز نییە. هەندێکی دیکەش وەک ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا، دەناڵێنت بەدەست گرفتێکەوە کە پەیوەندی هەیە بە ئەرکەکەیەوە ئەگەر چی لە ئێستادا و زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پێویستە بوونی هەبێت.

لە لایەکی دیکەشەوە لەم ساڵانەی دوایی پشتیوانی سیاسی لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان ناکرێت و سیاسی و دیبلۆماتکارەکانیش ئەو حەزەی جارانیان نەماوە بۆ وەبەرهێنان کردن لەسەر کات و سەرمایەی سیاسی و چاکسازی و پشتیوانی کردنی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، لەبەر ئەوەی پێویستە بۆ ئەو کارە هەوڵێکی هەمەلایەنە بدرێت، ئەو هەوڵەش سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت گەر سیستمی نێودەوڵەتی نەتوانێت لەسەر بنەمای یاسایەک بەڕێوەبچێت کە بەهێز و لاواز پەیڕەوی لێبکات. ئەمەش پێویستە نەوەک تەنها بۆ پارێزگاری کردن لە ئاشتی جیهانی و گێڕانەوەی هەندێک حاڵەت، بەڵکو پێویستیشە لەبەر ئەوەی ئەو ئاڵنگاریانەی کە ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە لە نمونەی گۆڕانی کەش و هەوا و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان، هەوڵێکی هاوبەشی پێویستە لەسەر بنەمای سیستمێک کە پلوڕالیزم و سیستمی نێودەوڵەتی لە سەر هەردوو بنەمای ئاکاری سیاسی و ڕەوتی ڕیالیستی بەڕێوەبچێت لە چوارچێوەیەکی سنوردار و دەستەمۆکردنی گەیشتنی دەمارگیرەکان بە دەسەڵات لە هەردوو لای مشتومڕەکاندا.

وەزیری پێشووی دەرەوەی بەریتانیاش دۆگلاس هیر دەڵێت: جیهان لە ناو بازنەیەک لە دژ بە یەکیدا ڕادەکات، لە لایەک فۆکەسی سەرەکی

لەسـەر دڵسـۆزی دەوڵەتـی نەتەوەییـە، لـە لایەکـی تـرەوە دەوڵەتـی نەتەوەیـی بوونـی نییـە، تەنانـەت دەوڵەتێکـی زلهێزیـش نییـە - لـە ئێسـتادا خـۆی لـە وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکادا خـۆی دەبینێتـەوە - کـە بتوانێـت بـە تەنهـا ئاسـایش و پەرەسـەندن و ژینگەیەکـی گونجـاو فەراهـەم بـکات کـە شـایەنی هاوڵاتیـان بێـت.

هـەر بۆیـە مشـتومڕکردن لەبـارەی ئـەوەی کـە ئایـا ماکیاڤیلی و کیسنجەر ڕیالیستی بـوون، یاخـود ئایدیال؟ زۆر دوورمـان دەخاتـەوە لـەو ڕاسـتییەی کـە لـە بنەمادا ئـەم دوو بیرمەنـدە، کەسـانی ئەکادیمـی بـوون، بیرکردنـەوە و کردەوەکانیـان زۆر جێگـەی باسـن و هەندێـک جاریـش دژ بەیەکـن، لەبـەر ئـەوەی ئـەوان لـە هەوڵـدا بـوون نـەوەک تەنها ڕیالیسـتی و ئایدیال پێکـەوە بگونجێنـن لـە هونـەری بەڕێوەبـردن و سیاسـەتی دەرەکیـدا، بەڵکـو لـە هەوڵیشـدا بـوون کـە ئـەو کارە سـنوورداربێت و ئەمـەش بـە یەکێـک لـە ئاڵنگارییەکانـی ئێسـتا ئەژمـار دەکرێـت.

**سەرچاوە: European Eye on Radicalization**

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS